**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**

**بڕیار**

**ژمارە ( ١٧ ) ساڵی ٢٠١٣**

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ی ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (٢٩) لە ١٠/ ٦/٢٠١٣ بریارماندا بە دەرکردنی:

**یاسای ژمارە ( ١٢ )ی ساڵی ٢٠١٣**
**یاسای جێبەجێکردنی یاسای ڕاژەی زانکۆیی فیدڕالی ژمارە ( ٢٣ )ی ساڵی ٢٠٠٨ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان – عێراق**

**ماددەی یەکەم:**

جێبەجێکردنی یاسای ڕاژەی زانکۆیی (فیدڕالی) ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٨ی هەموارکراو بە یاسای ژمارە (٣٢)ی ساڵی ٢٠١٢ لە هەرێمی کوردستان – عێراقداو کارکردن بە حوکمەکانی.

**ماددەی دووەم:**

دەسەڵاتە تایبەتمەندەکانی (کارگێڕی و زانستی و ئەکادیمی) هەرێم دەچنە جێگەی دەسەڵاتە فیدڕالیەکان لە هەر شوێنێکی یاسای ناوبراودا هاتبن.

**ماددەی سێیەم:**

لەکارخستنی بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی یەکەمی یاسای ژمارە (٣٢)ی ساڵی ٢٠١٢ یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٨ لە هەرێمداو، ئەمەی خوارەوە جێگەی دەگرێتەوە:

**یەکەم:** فەرمانبەری ڕاژەی زانکۆیی لەوانەی:

١- هەڵگری نازناوی زانستیی (مامۆستای یاریدەدەر)و (مامۆستا)ن، بەتەواوکردنی تەمەنی (٦٦) ساڵی خانەنشین دەکرێن.

٢- هەڵگری نازناوی زانستیی (پرۆفیسۆری یاریدەدەر)و (پرۆفیسۆر)ن، بەتەواوکردنی تەمەنی (٧٠) ساڵی خانەنشین دەکرێن.

**ماددەی چوارەم:**

لە رێکەوتی ٢٠١٢/٥/٧ەوە کار بە حوکمەکانی هەمواری یەکەمی یاساکە دەکرێت.

**ماددەی پێنجەم:**

پێویستە لە سەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی شەشەم:**

پێویستە لەسەر وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی رێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

**ماددەی حەوتەم:**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکرێت.

**ماددەی هەشتەم:**

ئەم یاسایە لەرێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا، جێبەجێ دەکرێت.

**مسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**هەولێر**

٢٠١٣/٧/٩

## هۆیە پێویستکارەکان

لەپێناو دابینکردنی باشترین هەل بۆ ئەندامانی دەستەی وانەگوتنەوەو هەڵگرانی نازناوی زانستی و بە لەبەرچاوگرتنی هەوڵ و کۆششیان بۆ پەرەپێدان و پێشکەشکردنی ئاستی زانستی، ئەوا ئەم یاسایە دەرچوێندرا.